# لەیلا فەرێقی ناوازە!

**نووسینی ئازاد کەریمی**



لەیلای ئازیز! بێ دەنگی بشکێنە! ئەگەر تۆ سەدا هەڵنەهێنی کێ ئاواز بچڕێ؟ ئەگەر کێشەت شێعرە، من بە دیاری شێعرێکت پێئەدەم، بەو شەرتەی بیخوێنی و تۆماری بکەی و دەرکەوی جارێکی تر... بە شایەتی خەڵکی خۆمان...

ئەگەر بزانی ئەم گۆرانیە بێ وێنەت چ ئاگرێکی ژیانی لە من دا هەڵگرساند و لە چ ساتەوەختێکی مەرگاوی و بێ ڕۆشناییدا چرای بۆ هەڵکردم 🎬 🎼 🐉 ...

https://www.youtube.com/watch?v=hoQiPPqwbrE

چەند ڕۆژ پێش ئێستا ئەو چەند دێرەی سەرەوەم لەگەڵ لینکی گۆرانی ی " زیندووم کەوە"ی هونەرمەندی ناوازەی بواری موزیک و سترانی کوردی، بەڕێز لەیلا فەرێقی لە فەیسبوک دا بڵاو کردەوە.

دوای ئەوە کەوتەوە بیرم من لە یەکێ لە چیرۆکەکانمدا کە لە پەرتووکی " نامەیەک لە قوبرسەوە"دا چاپ کراوە باسی ئەم گۆرانییەم کردووە.

ئەم کتێبەم ساڵی ٢٠٠٩ لە وەزارەتی ڕۆشنبیری باشوری کوردستان لە هەولێر چاپ و بڵاو کردەوە.

پەرتووکەکە پێک هاتووە لە چەند کورتە چیرۆک. یەکێ لە کورتەچیرۆکەکان ناوی " ئەنفال"ە.

ئەنفال چیرۆکێکی ناتورالیستی یە سەبارەت بە ژن و مێردێکی کوردی ئەنفال کراو لە دوایین چرکەساتەکانی ژیانیاندا لە ژێر خاک. ئەو کاتەی وا فاشیستەکانی عەرەبی دەوروبەری بەعس و سەدام تکریتی، دیکتاتۆری ئێراق لە ساڵی ١٩٩٨ لە چەند مانگدا نزیکەی ١٨٢هەزار کوردیان زیندەبەچاڵ کرد.


دوو لەوانە ژن و مێردێکن وا ئەیانکەن بە ژێرخۆڵەوە و ئەیانکوژن. دوای ڕووخاندنی دەسەڵاتی سەدام بە دەستیی ئەمریکا و بریتانیا و چل وولاتی دیکەی هاوپەیمان، زۆر بە هەڵکەوت و بە پێشهات ئەو شوێنەی وا ئەو دوو کەسە و خەڵکێکی تریان تیدا زیندەبەچاڵ کرد دەدۆزرێتەوە و گۆڕە بەکۆمەڵەکە هەڵئەدرێتەوە و ئەو ژن و مێردەش هەروەها.

لە دوایین دێرەکانی ئەم کورتە چیرۆکەدا باسی رادیۆی کەرکووک و ئەم گۆرانیە ئەکرێ.

سکرین شاتێکم لە کتێبەکە گرت و ئەوە لێرەدا بڵاوم کردوەتەوە.

ئەگەریش پێتان خۆش بوو گشت داستانەکە بخوێننەوە ئەتوانن لینکی ئەم کتێبە کلیک بکەن و تەنانەت داونلۆدیشی بکەن.

هەر بژی!



لە ناو ماشینەکەدا John – ئەفسەری ئەمریکایی– و دوو کاربەدەستی کورد لە وەزارەتی ئەنفال و مافی مرۆڤ بێدەنگ بوون. خۆر لە چوارداسێ بەشی ئاسمانی پێوا بوو. شۆفێری ترۆمبێل دەستی‌دایە ڕادیوی ماشینەکەو هەڵی‌کرد. ڕادیۆ کەرکووک لە شەپۆلی FMدا گۆرانی‌یەکی بە دەنگی ژنەکی دەنگ خۆش بڵاو ئەکردەوە.جان (John) پرسیاری کرد ئەو ژنە ئەڵێ چی؟

– ئەڵێ: من لەوەی کە مردووم پەشیمان بوومەتەوە، حەز ئەکەم تۆ بە عەشقی خۆت زیندووم بکەیتەوە...

ئەفسەرە ئەمریکیەکە دەستی بە پێکەنین کرد .بە کارمەندەکە ی پاڵ دەستی ووت: تۆ پێت وانیە ئەو ژنە ئەنفال کراوە ئەویندار ئەبووبێ؟!

کارمەندە کوردەکە هەناسەیەکی هەڵکێشا ووتی: هیچ دوور نیە! بەڵکو ئەوەندە ئەوینەکەی قووڵ بووە کە پەنگی خواردوەتە ئێسک و پروسکیەوە... چووزانم بەڵکوو بۆ چارەنووسی ڕە شی خوی ئەگری یان بۆ منداڵەکەی یان بۆ هەر شتێک بێ ئێمە نازانین هۆکارەکەی چیە...

John ووتی: بەڕاستی مرۆڤ خولقێندراوێکی هەرە سە یرە. تەنانەت ئەبونیشی ئەبێتە هوی دەیان بیرۆکەو چیرۆک و کێشەی زانستی و مێژویی...

شۆ فێرەکە لە بەر ئەوە قسەو باسی ئەو دووکەسە بېڕێتەوە دەنگی ڕادیۆکەی زۆر کرد. گۆرانی بێژەکە ئەیووت: ئەلف و بێی نوێ بۆ داستانم...

1– کاتێ لە ساڵی 2003دا دەوڵەتی سەدام حسێن ڕووخا، دەوڵەتێکی بیانی کە لە هەموو دەوڵەتەکانی بەشداربووی جەنگ پێک هاتبوو کاروباری ئیداری و سیاسی و ئابووری فیدراڵی کوردستان و عێراقی بەڕێوە ئەبرد.

لینکی کتێبی نامەیەک لە قوبرسەوە:

https://www.kurdipedia.org/default.aspx?q=20131221165317927 50&lng=22